**یادی یەک ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا «جەمال نەبەز» و ۳ بیرەوەری کورت ...**

هەڵۆ بەرزنجەیی/ بەرلین

١-

**مامۆستا جەمال نەبەز و قەرزی کتێب..**

پێموایە زۆربەی هەرە زۆرمان چیرۆک و سەرگورشتەی جۆراوجۆرمان لەمەڕ کتێبەوە، لە زۆر ڕەهەندەوە بیستووە . بۆ نموونە من لە کۆڕ و مەجلیس دا، گوێم لێ بووە باس لەوە کراوە کابرا خوێندکار بووە لە بەغدا، باری دارایی باش نەبووە و حەزیشی بە خوێندنەوەی کتێب کردووە. ناچاری وای لێ کردووە کتێبەکە بدزێ. بەمەرجێک کەسە تا سەرئێسک دژ بە کاری دزیکردن بووە. هەبووە لە کتێبخانە گشتییەکان کتێبی دزیەوە. هەشە خۆی دێت لە کتێبخانەکەتدا، چەند کتێبێک دەردێنێ بەناوی خوێندنەوە، دەیبات و ئیتر نایبینیتەوە. جۆرێکی تریش هەن کتێبت لێ دەخوازن، بەڵام بۆتناگێڕێتەوە...هتد. ڕەنگە هەموو بیانووی هاوبەشی ئەم جۆرە کەسانە، خۆشەویستی بێی بۆ کتێب و خوێندنەوە.
لێرەدا منیش ئەزموونێکی کورتیلەی خۆمتان لەتەک مامۆستای گەورە و ڕەوانشاد مامۆستا جەمال نەبەز بۆ دەگێڕمەوە.
ڕۆژێکیان مامۆستا تلفونێکی بۆ کردم داوای کتێبی «ئوستا»ی عیزەدین مستەفا ڕەسووڵی لێ کردم. منیش وتم هەمە و سبەینێ دەیگەێنمە دەستتان. بۆ ڕۆژی دوایی کتێبەکەم دایە و دەستخۆشی لێکردم و خۆشحاڵبوو، بەدوای شیعرێکی مامۆستا هەژاردا دەگەڕا، کەگوایە بۆ جمال نەبەزی وتووە .دەیویست بزانێ ،ئایا عیزدەین ڕەسوول ئەو شیعرەی بڵاوکردۆتەوە یاخود نا.؟ ڕۆژێ دوو ڕۆژی پێ نەچوو، خێرا کتێبەکەی دامەوە و سوپاسی کردم .
جارێکی تر داوای «دیوانی فایەق بێکەس »ی لێکردم. ئەویشم بۆ برد، ڕۆژێ دواتر دایمەوە.
بەم پەیوەندییە زۆر دڵخۆش بووم، چونکە گەلێ جەزرەبەی ناخۆشم لەم بوارەدا دیوە. کتێب دەدەیتە هاوڕێیەک ناتداتەوە. منیش زۆر سەخڵەت دەبم بەوەی شتێک بدەمە کەسێک و ناچار بم داوای لێ بکەم بمداتەوە. چۆن بۆی دەبەم، ئاوهاش حەز دەکەم بمداتەوە.

هاوبیر بەختیار شابان لە کوردستانەوە کۆمەڵێ کتێبی هێنابوو. یەکێ لەکتێبەکانی هی مستەفا عەسکەریە لەسەر «بکر سدقی». منیش لێم وەرگرت بۆ خوێندنەوە. تەماشا دەکەم لەگەلێ شوێن دا، ئاماژەی بە بیروڕاکانی مامۆستا جەمال نەبەز داوە. ڕۆژێ بەدەم قسە و باسەوە لەتەک مامۆستا جەمال دا بۆم باس کرد کتێبێکی وا هەیە. مامۆستا یەکەوڕاست وتی بۆم بهێنە. منیش وتم هی خۆم نییە، با لەگەڵ خاوەنەکەی کاک بەختیار قسە بکەم و ڕەزامەندی وەرگرم. ئەوەبوو ئۆکەی کاک بەختیارم وەرگرت و کتێبەکەم دایە دەست مامۆستا. ئیدی هەر ئەو پێدانە بوو، نەمبینییەوە و دەرفەتیشی نەدەدا داوای لێ بکەمەوە. داوای لێبووردنم لە هاوبیر شابان کرد.ماڵی ئاوەدان بێت هیچی نەوت .
جارێکیتریش بەدەم هەڵشێلان و داشێلانی پرسگەلەکانەوە، وتم: مامۆستا ، مامۆستا مستەفا نەریمانیش زۆر جوان و دروست باس لە هەڵوێستێکی تۆ دەکات، لەمەڕ ئەو بیرخەرەوەیەی بەناوی مەعاریفی کوردستانەوە داوتانە بە عبدلکریم قاسم. وتی :بۆ کتێبی وا هەیە؟ وتم :بەڵێ بیرەوەرییەکانێتی هەمە. وتی با بیبینم .
خۆشەویستان ئەویشم بۆ برد، بەڵام تا ئێستاش پیرە کتێبم نەبینییەوە.
ئەوە دوو کتێبم وەک قەرز کەوتە لای مامۆستا ، منیش جۆرە شەرمێک دەکەم داوام نەدەکردەوە. کارم بەم جۆرە ڕۆیشت و منیش داخکراو بووم.
ڕۆژێ هەواڵی کتێبێکی عەبدوڵا ئاگرینی پرسی لەسەر«کاژیک»، منیش یەکسەر وتم هەمە. خۆ ناکرێ درۆی لەگەڵدا بکەم و خۆشبەختانە درۆش نازانم و ئەگەر بۆ بەرژەوەندییەکی بێزیانیش درۆ بکەم بە ڕووخسارمەوە دیارە.
پێش ئەوەی کتێبەکەی بۆ بەرم کەوتمە پلانیدان چۆن لێی وەرگرمەوە؟. وتم : باشترین ڕێگە ئەوەیە دەڵێم: مامۆستا هاوبیران و چەند کەسێکیتریش چاوەڕوانی خوێندنەوەی دەکەن، سوپاست دەکەم گەر تەواو بوویت لە خوێندنەوەی کتێبەکە، بۆم بگێڕیتەوە. ڕاستییەکەشی هەروا بوو.پاش قەدەرێکی دوورودرێژ نێزیک دوو مانگی پێچوو، ڕۆژێک کتێبەکەی بەساردی دایەوە دەستم .
لە کتێبەکەدا چەندین لاپەڕەی نووشاندبۆوە و بەماجیکی زەرد هێڵی هێنابوو بەژێر زۆر باسدا و سەرنجی لەسەرتۆمار کرد بوو. بەمجۆرە سێیەمین کتێبم لە مامۆستا سەندەوە .
دوای کۆچی دوایی مامۆستا، لە ڕێگەی هانەخانی هاوژینییەوە داوای دوو کتێبەکەی تریشم کردەوە. خۆشبەختانە کتێبەکەی هاوبیر بەختیار شابانم دەستکەوتەوە و ئەوەی خۆم جارێ بێ سەروشوێنە.
من لەگەڵ مامۆستادا بووم، دیومە کتێبی فارسی بە ١٢٠ یۆرۆ کڕیوە. عەشقی مامۆستا بۆ کتێب و خوێندنەوە ، باسێک نییە، من بۆی دروست بکەم. بەڵکو دوورە وڵاتی و نەبوو دەزگا و مەڵبەندی بۆ بڵاوکرنەوەی هەوڵی کتێب و دوورەدەستی وای لە مامۆستا و زۆری تریش دەکات، دەست بەسەر کتێبی باشدا، بگرن.
ئەمەش عەشقی بێسنووری جەمال نەبەز بۆ کتێب.

هەزاران تاجە گوڵینە بۆ سەر گڵکۆی زانای گەورە جەمال نەبەز ٢٠١٩/٣/٢٧

٢-

**جەمال نەبەز و گۆتە و پارە**



١٩/٥/٢٠١٩

پێش چەند ساڵێ لەمەوبەر چووم بۆ ئاهەنگێکی ڕێزلێنان لە زانای گەورەی تورک «ئیسمائیل بێشکچی». ئەم ئاهەنگە ڕێکخراوی کۆمکار و فۆنتی بێشکچی سازیاندابوو.
مامۆستا نەبەز و هانەلۆرەیش ئامادەبوون .
ڕێکەوتێکی باش بوو ،لەتەک مامۆستادا هەموو پێکەوە لەسەر مێزێکی تەنیشت زانای کۆمەڵناسی گەورە بێشکچییەوە دانیشتین. ئاهەنگە تایبەت بوو، نرخی چونە ژوورەوە ٣٠€ یۆرۆ بوو.
دوای پێشکەشکردنی چەند پارچە موزیکێک، ڕێگەدرا بە ئامادەبووان بۆ پێشکەشکردنی وتار لەسەر بێشکچی. بێشکچیش بۆ خۆی وتەیەکی بەنرخی پێشکەش کرد. یەکێ لەوانەی داوای لێکرا قسە لەسەر بێشکچی بکات مامۆستا نەبەز بوو.
لەیادمە مامۆستا بە جوڵەیەکی سەیر و پڕ جۆشەوە، میکرۆفۆنەکەی گرت بەدەستەوە و بە چەند ڕستەیەکی سەیر دەستی بە قسەکردن کرد و گەورەیی بێشکچی بەستەوە بەوەوەی کە پیاوێکی خۆفرۆش نییە و بۆ پارە کار ناکات.
لەراستیدا ئێمە چاوەڕێی پەیڤ و قسەی ترمان لە مامۆستا دەکرد،بەتایبەت باسی کارە زانستییەکانی بێشکچی بکات، کەچی ئەو لەسەر ئەو تەوەرە مایەوە کە باسی لە خۆفرۆشی و پارە دەکرد.
ئەو کاتە هێندە قسەکانم بەلاوە جێی سەرنج و بایەخدار نەبوو. لێ ئەوە چەند ساڵێکە کە ئەو دیمەن و قسانە دێنمەوە بەرچاوی خۆم، هێدی هێدی بەهای قسەکان لام گەورەتر دەبن.
ئاخر ئەوە چ بەها و نرخێکە تۆ بە پارە و بۆ پارە هەرشت بکەیت، بەتایبەت گەر بانگاشەی زانست و ئایدیای بەرزی مرۆڤایەتی بکەیت.
ئەم کورتە باسە دەبەستمەوە بە چیرۆکێکی ترەوە، کە هەرچی دەکەم ناتوانم خۆم لە ئاست پیرۆزییەکەیدا لادەم.
مامۆستا پێش چەند ساڵێ، شتێکی سەیری بۆ گێڕامەوە:
لەئەڵمانیا
بۆنەیەک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی گۆتەی گەورە شاعیری ئەڵمان ساز کرا. بۆ ئەم بۆنەیە کۆمیتەیەک ئامادە کرا. ئەم کۆمیتەیە پەیوەندی دەکەن بە مامۆستاوە و داوای لێ دەکەن بەرهەمەکەی گۆتە جارێکیتر ڕاستەوخۆ لە ئەڵمانییەوە بکاتە کوردی و بەرامبەر بەمەش بڕی پارەیچەند هەزار یۆرۆیی یاخود زیاتری دەدەنێ.
»لە راستیدا مامۆستا وتی ئەم کتێبەم کاتی خۆی وەرگێڕاوە جا ئایا لە عەرەبییەوە یاخود لەئینگلیزییەوە باشم لە بیر نییە و ناشزانم کام بەرهەمی گۆتەیە. من ئەو بەرهەمەم نەمدیوە . ئاگادارم و دەزانم مامۆستا نەبەز بەرهەمی شکسپیر / چیرۆکی گەرداوەکە و پاڵتۆی گۆگۆڵی وەرگێڕاوە، لێ هیچ زانیارییەکم لەسەر وەرگێڕانی بەرهەمی گۆتە نییە .
دەرفەت ساز نەبوو جارێکی تر بەدرێژی ئەو باسەی لێ بپرسم . بەتیابەت ناوی بەرهەمەکەی گۆتە. لەم ڕۆژانەشدا لە هانەلۆرەشم پرسی ئەویش زانیاری دروستی نەبوو.«
بەهەرحاڵ دوای گەڵاڵەبوونی کارەکانی کۆمیتەکە، یەکێ لە ئامادەکاران کە خاتوونێک بووە بەرپرسی بەسی ڕۆژهەڵاتی پەیوەست بە گۆتەوە، وتارێکی دورودرێژی چەند لاپەڕەیی لەسەر گۆتە و بەرهەمەکانی بەزمانە بێگانەکان دەنووسێ و بڵاوی دەکات.
خاتوونی ناوبراو لەو وتارەکەیەدا بەدوور و درێژی باسی گۆتە لە لای عەرەب و فارس و تورک دەکات. کاتێ دێتە سەر باسی کورد، بەتاکە کورتە دێڕێک دەنووسێ: ئەمساڵ وەرگێڕانێکی کتێبێکی گۆتە بەکوردیش بەشدارە.

کاتێ وتارەکە بڵاو دەبێتەوە  و  مامۆستا دەیخوێنێتەوە، یەکسەر دەنیشێتە سەر تلفونەکەیی و پەیوەندی بەخانمی ناوبراوە دەکات و پێی دەڵێ :
تۆ شەرم ناکەیت و بەچ هەقێک ئەو هەموو ستایش و باسەت لەسەر تورک و عەرەب و فارس نووسیوە و بەتاکە دێڕێک باسی کوردت کردووە؟!.  مامۆستا گەلێ خۆی ناڕەحەت و تورە دەکات و لەدواجاردا پێی دەڵێ : من ئامادە نیم بەردەوام بم لەسەر ئەو کارە و نایکەم.
ئیدی خاتوون و کۆمیتەکەی ، بەم هەواڵ و هەڵوێستەی مامۆستا، تووشی  شۆک دەبن و دەکەونە شێرورێوی هێنانەوەیەکی زۆر بۆ مامۆستا، تاوەکو دڵی بدەنەوە. لێ مامۆستا سوور دەبێت لەسەر هەڵوێستەکەیی و کارەکە  ناکات و پاڵ بەو دەستکەوتە مادییەوە دەنێ، کە بەمەرجێ  هەموو داهاتی ژیانی  مامۆستا  لە ڕێگەی ئەو جۆرە کارانە  بوو.
بەڵێ مامۆستا خۆی پیاوێکی  چاوچنۆک نەبوو بۆ پارە و  ڕەنجدەرێکی خاوەن باوەڕ بوو، بە هێزی  شان و بازووی خۆی دەژیا. تا  دوا هەناسەی ژیانی کاری دەکرد. زۆریش شانازی بەم لایەنەی ژیانییەوە دەکرد .
گەلێ جاریش کە قسەمان لەسەر نووسینی کاژیک نامە دەکرد، ئەو ڕاستەوخۆ  ئاماژەی بەوە دەدا، کە بەشە سۆسیالیستییەکەی خۆی نووسیویەتی.
ئەمەش هەڵوێستێکی تری  مامۆستا جەمال نەبەزی زانای خۆنەفرۆش.

٣ -
یادی ساڵڕۆی کۆچی دوایی بەخۆشی...



مامۆستای گەورە گێڕایەوە: کە چ شەڕێکی سەختی کردووە، لەسەر ئەوەی قوتابیان بە زمانی کوردی بخوێنن. کاتێ لەبەر دەسەڵاتی داگیرکەر  بە فەرمی دەرفەتی هێنانەدی ئەم ئامانجەی نابێت،  .
ئیدی بریار دەدات بۆ خۆی دەست بەکار بێت و پرۆگرام بە کوردی بۆ قوتابیان ئامادە بکات. لە پێناوی هێنانە دی  ئەم ئامانجەدا.
:ساتێ سەرگەرمی ئەم تێکۆشانە بووم، تەماشام کرد، چ سەرچاوەیەکیش نییە وەک کەرەسە لەبەردەم قوتابیان دا، تا سوودی لێ وەرگرن بۆ فێربوون و خوێندن.
وتی لەم ڕووەوە خۆم تەرخان کرد  بۆ ئامادەکردنی  نووسینێک . ئەوە بوو زۆربەی کات و وزەی خۆم تەرخان کرد، تا نووسین کەرەسەی فێربوون بۆ    قوتابیان ئامادە بکەم و هەوڵم زۆر دا تا لەدەرەوەی کاتی فەرمی وانە وتنەوە ، بێ بەرامبەر وانە بە کوردی بە قوتابیان بڵێمەوە.
. ئەوە بوو  هاتمەوە ماڵەوە و دەستم کرد بە نووسین. وتی :
ئێوارە داهات، دایکم چەند جارێ بانگی کردم بچمە سەر خوانە ئامادەکراوەکە و لەگەڵیان دا : ئێوارە بخۆم. وتی :
هەر نەچووم بەدەنگ بانگکردنەکەی دایکم و خوشکمەوە.  دایکم کۆڵی نەدا و چەند جارێ هاواری لێ کردم ، بەڵام من دەستم لە نووسین هەڵنەگرت.
ئەوە بوو دایکم ناچار بوو خواردنەکەی بۆ هێنامە ژوورەکەی خۆم.

مامۆستا وتی : لەگەڵ ئەوەشدا من هەر دەستم لە کاری نووسین هەڵنەگرت. دوای ماوەیەک دیسان دایکم خۆی کرد بە ژوورا، من سەرم لەسەر نووسین بەرز نەکردەوە و کاتێ بینی دەستم بۆ خواردنەکە نەبردووە، داوای لێ کردم نانەکەم بخۆم. وتی: هەر سەرێکم لەقاند و وەرامم نەدایەوە
وتی :  دایکم پێی وتم: کوڕم تۆ وا خۆت کوێر و برسی کردووە، کەس پێی نازانێ ! دە واز لەم کەرێتییە بهێنە.

کات بەمجۆرە تێپەڕی تا بەشی وەرزی خوێندنی ساڵێکم ئامادە نەکرد، دەستم لە کارەکەم بەرنەدا. کاتێ تەماشای دەمژمێرم کرد، دەوری ٨-٩ سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی بوو.

بەڵێ ئەوە لاپەڕەیەکی گەشی تێکۆشان و ماندووبوون و دڵسۆزی مامۆستا جەمال نەبەزە، کە بەر لەساڵێ بۆ دواجار ماڵئاوایی لێ کردین و لەدوای خۆی کەلێن و بۆشاییەکی گەورەی بەجێهێشت لە زۆر بواری زمانەوانی و هزریی و میتۆلۆژی و دیرۆکی و فەرهەنگی و بە گشتی کوردۆلۆژی دا .

ڕەوانت شاد بێت مامۆستا...

٨/١٢/٢٠١٩